یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان

نیسانی 2024

## پێشەکی:

مەبەست لە خۆڵ و خاشاک، ئەو پاشماوانەیە کە ڕۆژانە لە ئەنجامی چالاکییە مرۆییەکانەوە دروست دەبێت، بەشێکی زۆری پێکهاتەی پاشماوەکان ئەو خۆڵ و خاشاکەیە کە لەماڵانەوە دروست دەبێت، سەرەڕای جۆرەکانی دیکەی خۆڵ و خاشاک کە لە پاشماوەی پزیشکی و چێشتخانە و پیشەسازی و پرۆژەکانی نیشتەجێبونەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەم بوارە لە گەرمیان، کێشەی زۆری هەیە، هەر لە کۆکردنەوەی هەتا لەناوبردنی، لەم راپۆرتەدا بە وردیی لەسەریان دەوەستین.

# بەشی یەکەم: پرۆسەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان

## ١. کێ خۆڵ و خاشاک کۆدەکاتەوە؟

پرۆسەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان وەکو تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، سپێردراوە بە کۆمپانیای ئەهلی، لە گەرمیاندا کۆمپانیای «گەردین» ئەو پرۆسەیە بەڕێوەدەبات. گرێبەستی کۆمپانیاکە لە ٢٠٢١/٨/١ دەستپێکردوە و لە ٢٠٢٤/٨/١ کۆتایی دێت.

بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان دەڵێت: پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە، تەندەرینمان کردوە بۆ پرۆسەی تازە و تەندەرەکەمان ناردوە بۆ وەزارەتی شارەوانی ڕەزامەندی لەسەر بدات، هەوڵدەدەین دو مانگ پێش کۆتایی هاتنی ئەگەر تازە نەکرێتەوە بۆ کۆمپانیای گەردین ئەوا دو مانگ پێش ئەوەی کۆتایی بێت ئێمە ڕاگەیاندنی بۆ دەکەین و دەیخەینە بواری تەندەرینەوە.

سنوری کاری کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان، قەزاکانی: کەلار، کفری و ٣٢ گەڕەکی ناو شاری خانەقین، لەگەڵ ناحیەکانی: ڕزگاریی، باوەنور، شێخ تەویل، کۆڵەجۆ، سەرقەڵا، نەوجول، قۆرەتو، مەیدان و جەبارە.

کۆمپانیاکە بۆ کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک، بە تیم ڕۆژانە دەچنە کۆڵان و گەڕەکەکان و پاشماوەی ماڵان کۆدەکەنەوە.

شێوازی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکیش بەشێوەیەکە کە کرێکارانی کۆمپانیاکە ئەو پاشماوانەی کە ماڵان لەبەردەم خانوەکانیان دایدەنێن، ئەمان کۆی دەکەنەوە.

خۆڵ و خاشاکەکانیش هەمویان بەیەکەوەن و بەش بەش نەکراون، بۆنمونە بابەتی خۆراکی بەجیا نییە لە مادەکانی دیکە.

دواتر ئەو خۆڵ و خاشاکەی کۆدەکرێتەوە لەناو شارەکان، دەبرێتە دەرەوەی شارەکان و لەو شوێنانەی کە بۆیان دیارییکراوە، لەوێ هەر ئۆتۆمبیلە و بارە خۆڵ و خاشاکەکەی هەڵدەڕێژێت و دواتر بە ئۆتۆمبیلی شۆفڵ و هاوشێوەکانییەوە چاڵ هەڵدەکەنرێت و ئەو پاشماوە ڕۆکراوانە دەخرێنە چاڵەکان و پاشان کە چاڵەکان پڕ دەبنەوە، بە خۆڵ دادەپۆشرێن.

## ٢. ژمارەی کارمەندانی ژینگەپارێز

لە سنوری ١٣ شارەوانیدا لە گەرمیان، ٦٣٠ کرێکار هەیە کە کاری کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک ئەنجام دەدەن.

ژمارەی کارمەندانی ژینگەپارێز (ئەوانەی خۆڵ و خاشاک کۆدەکەنەوە)، لەلایەن شارەوانی کەلارەوە بە پێی ژمارەی دانیشتوان دیاریدەکرێت.

ئەرکان بورهان، سەرۆکی لیژنەی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی خۆڵ خاشاک لە شارەوانی کەلار، دەڵێت: کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک (٢٥) ئۆتۆمبیلی هەڵگرتنی خۆڵ خاشاک و (٢٢٠) کارمەندی ژینگەپارێزی هەیە کە بەپێی شار و قەزا و ناحیەکان دابەشکراوە، لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی شارەوانیەکان بە پێی ماڵ و ژمارەی دانیشتوان، ئۆتۆمبیل و کارمەندی ژینگەپارێز دادەنەن، بەم پێیەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.

هاوکات بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، لەبارەی ئەو گوندانەی ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکیان بۆ دەڕوات، دەڵێت: بەزۆری ئەو گوندانەی جادەی قیریان بۆ ڕۆشتوە بەتایبەت ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان (کەلار- باوەنور، کەلار- خانەقین، کەلار- کوڵەجۆ و کەلار- کفری)، ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکیان بۆ دەڕوات.

لایخۆیەوە، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری وتی: نزیکەی ٦٥ کارمەندی ژینگەپارێزمان هەیە.

وتیشی: پرۆسەی کۆکردنەوەو ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک لەلایەن لیژنەیەکی سەرۆکایەتی شارەوانیمانەوە چاودێریی دەکرێت کە لە سێ کەس پێکهاتوە (ژمێریاری و ئیدارە و هونەری).

## ٣. قەبارەی خۆڵ و خاشاکی کۆکراوە لە گەرمیان

بەوتەی ئەرکان بورهان، سەرۆکی لیژنەی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە شارەوانی کەلار، رۆژانە ٢٠٠ تەن خۆڵ و خاشاک لە کەلار کۆدەکرێتەوە، مانگانە دەکاتە ٦٠٠ تەن و ساڵانەش ٧٢ هەزار تەن.
ئاماژەی بەوەشدا شەش رۆژ لە هەفتەیەکدا خۆڵ و خاشاکی ناوشار کۆدەکرێتەوە و تەنها رۆژی هەینی کۆناکرێتەوە، ئەمەش وادەکات رۆژی شەمە رێژەی خۆڵ و خاشاکی کۆکراوە زیاتر بێت.

لایخۆشیەوە، بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد رۆژانە تێکرا لە گەرمیاندا لەنێوان ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ تەن خۆڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، ئاماری خۆڵ و خاشاکی کۆکراوەی مانگی ئاداری ٢٠٢٤ـی سنوری گەرمیان بەمشێوەیە بوە:

| شارەوانیەکان | تەن | کیلۆ |
|---|---|---|
| کەلار | ١٨١ | ٤٠٠ |
| گردەگۆزینە | ٥ | ٩٧٨ |
| کوڵەجۆ | ٤ | ٥٨٠ |
| ساڵح ئاغا | ٥ | ٧٠٠ |
| پێباز | ٤ | ٤٠ |
| مەیدان | ٣ | ٣٨٠ |
| شێخ تەویل | ١ | ٧٠٠ |
| خانەقین | ٩١ | ٨١٠ |
| کفری | ٣٤ | ٧٨٠ |
| سەرقەڵا | ٣ | ٨٩٠ |
| جەبارە | ٢ | ٢٥٠ |
| نەوجول | ١ | ٧٠٠ |
| کۆی گشتی | ٣٨٥ | ٧٠٨ |

# بەشی دوەم: گرفتەکانی پرۆسەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان

## ١. گرفتی چارەسەرنەکردنی خۆڵ و خاشاکی کۆکراوە

چارەسەرنەکردنی خۆڵ و خاشاک بە شێوەیەکی زانستی، بە یەکێک لە گرفتەکان دادەنرێت کە تائێستا رێگاچارەیەکی بۆ نەگیراوەتەبەر، لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت: چارەسەرنەکردنی بەشێوەیەکی زانستی مایەی گرفتە.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: ئەوەی مایەی گرفت بێت بۆ ئێمە چارەسەرنەکرنی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاکە، ئەو پاشماوانە بەو شێوە زانستییەی کە گرنگ و پێویستە و ئێمە ئەمانەوێت چارەسەر ناکرێت، بەرێگای کۆن کە (شاردنەوە)ی پێدەڵێن ژێرخاکی دەکەین.

عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری، ئاماژەی بەوەدا شێوازی چارەسەری خۆڵ و خاشاک لەلایان بەشێوەی شاردنەوە و ژێرخۆڵکردنە کە بە (تمر س×حی) ناودەبرێت، بەشێوەیەک رۆژانە چاڵ بۆ خۆڵ و خاشاکەکە دەکرێت و دواتر ٣٠ بۆ ٤٠ سم خۆڵی بەسەردا دەکرێت.

باسی لەوەشکرد ئەو شوێنەی خۆڵ و خاشاکی تێدا ژێرخاک دەکرێت زەوییەکی بەردەڵانییە لە کەرتی تلیشان کە دورە لەشارەوە.

هاوکات بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە بەرێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، دەڵێت: تائێستا خۆڵ و خاشاک بەشێوەیەکی «سەتحی» ژێر خاک دەکرێت، شوێنی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاکی کەلار لە چەمی خرەشێت ئەنجام دەدرێت و ئەوێمان بۆ دیاریکردوە، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم چەمە بەکاردەهێنین بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ خاشاک کە لەلایەن شارەوانیەوە شوێنەکەی بۆ دەستنیشانکراوە و بەرێوبەرایەتی ژینگەی گەرمیانیش رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر شوێنەکە کە بەشێوەیەکی کاتییە.

لەبەرامبەردا، د. دورەید سەلیم، بەرێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، وتی: شوێنی فرێدانی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک و ژێرخاککردنی، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و بەرێوبەرایەتیەکانەوە دەستنیشاندەکرێت، بابەتی رەزامەندیدانی ئێمە بەو شوێنە بەشێوەیەکی کاتی بوە، ئەو شوێنەی لەئێستادا بەکاردەهێنرێت بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک، بەشێوەیەکی کاتیی دانراوە.

وتیشی: چونکە لە گەرمیان شوێنێک دەستنیشان کرابو بۆ ئەوەی کارگەی ریسایکڵ «جیاکردنەوە و دوبارە بەکارهێنانەوەی خۆڵ و خاشاکەکە» لەوێ دروست بکرێت.

شارەزایەکی ژینگەش، باس لەوەدەکات: کۆکردنەوەی خۆڵ خاشاکی گەرمیان بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی مەرجە ژینگەییەکان نییە.

عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، وتی: ئەو شوێنەی خۆڵ و خاشاکی تیادا فرێدەدرێت و ژێرخاک دەکرێت، دەبێت بەلایەنی کەمەمەوە (١٠ کم) لە شارەوە دور بێت، لە گەرمیان ئەو مەرجە رەچاو و جێبەجێ نەکراوە، کە جێگەکە کەمتر لە (٢ کم) دورە لە شاری کەلارەوە و هەمان دورییە لە شارۆچکەی رزگارییەوە.

هاوکات د. دورەید سەلیم، بەرێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، لە بارەی ئەوەی چی کراوە بۆ دورخستنەوەی شوێنی فرێدانی خۆڵ و خاشاک و ژێرخاککردنی لە نزیک شوێنی نیشتەجێبونی دانیشتوانەوە؟ دەڵێت: لە هەرشوێنێکدا مامەڵە لەگەڵ پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک بکرێت بەمشێوازەی ئێستا زیانی هەیە، بەڵام دەکرێت بڵێین زیانەکانی کەمتر دەبێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر دوربخرێتەوە لە شوێنی نیشتەجێبونی دانیشتوان.

دەشڵێت: ناتوانرێت هەمو زەوییەک بۆ فرێدانی خۆڵ و خاشاک بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە زەوی کشتوکاڵیی، بەڵکو دەبێت زەوییەکی بەردەڵانیی بێت و دور بێت لە سەرچاوەی ئاووە، ئەوەی لە ئێستادا هەیە بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک شوێنەکە نەگونجاوە، بەڵام مامەڵەی تەندروست و زانستی لەگەڵ ئەم بابەتەدا تەنیا یەک شێوازە کە ریسایکڵ کردن یاخود ریکۆڤەرییە.

هاوکات عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پسپۆڕی ژینگە و ئاو، دەڵێت: یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی شوێنی فرێدان و ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک ئەوەیە دەبێت دوربێت لەرێڕەوی ئاوی وەکو چەم و روبار، بەڵام زۆربەی شوێنەکانی فرێدانی ئێرە لەنێو چەمەکان دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی لە وەرزی باران لەگەڵ ئاودا بگوێزرێنەوە بۆ نێو روبار.



## ٢. کێشەی زەوی بۆ ژێرخاککردن

ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک بەمشێوەیەی لەئێستادا هەیە، دروستبونی کێشەی شوێن بە ئەگەر دەزانرێت لە چەند مانگی داهاتودا.

بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەرێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، دەڵێت: ئەو چەمەی ئێستا لە کەلار و رزگاریی بەکاری دەهێنین بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک، وردە وردە بەرەو کەمبونەوە دەچێت، ئەمە سێیەم جاری پرۆسەی ژێرخاککردنە کە لە نزیک پردی دێبنەوە هاتوین تادەگاتە نزیک گردەگۆزینە، تائێستا تەنها لەوێ خۆڵ و خاشاک ژێرخاک دەکەین، کە ئەمەش بۆ خۆی نزیک دەبێتەوە لەوەی روبەری زەوییەکە کەم ببێتەوە، ئەمەش وادەکات کە لەوانەیە لە داهاتودا نەتوانین لەوێ پرۆسەی ژێرخاککردن بکەین دەبێت لە سەروتر ئەنجامی بدەین.

دەشڵێت: لەئێستادا کێشەی شوێنمان نییە بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاک، بەڵام لە داهاتودا دەمانبێت، چونکە ئێمە رۆژانە نزیکەی ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ تەن خۆڵ و خاشاکمان هەیە، کە دەبێت پرۆسەی ژێرخاککردنیان بۆ بکرێت.

هاوکات دلێرهیدایەت، سەرپەرشتیاری کۆمپانیای گەردین بۆ کۆکردنەوە و فرێدانی خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی روبەری زەوییەکانی سنوری کەلار زۆربەی سیاج کراوە و کراون بە باخ و دانەوێڵە، ئەگەری ئەوە هەیە لە پاش دو بۆ سێ مانگی تر لە ئێستاوە کێشەمان بۆ دروست ببێت بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاکی کۆکراوە.



## ٣. نەبونی کارگەی ریسایکڵین

تائێستا کارگەیەکی ریسایکڵین لە گەرمیان نییە بۆ بەشکردنی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک و چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی زانستی و بەکارهێنانەوەی بەشێکیان، ئەمەش بە گەورەترین گرفت دادەنرێت لە سنورەکەدا.
ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: لە کەلار هیچ کارگەیەکی ریسایکلینی رەسمی نییە هەمو پاشماوەکانی خۆڵ خاشاکەکان کە پاشماوەکانی (خۆراک، پلاستیک، ئاسن، کارتۆن و ..هتد) سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە هەموی جیابکاتەوە و دوبارە بەکاری بهێنێتەوە.
دەشڵێت: کارمان لەسەر کردوە، چەند کۆمپانیایەک داوایانکردوە، بۆ ئەو مەبەستە نوسراومان کردوە بۆ وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەوەی رەزامەندی وەربگرین، کە ئەمەش جارێکی تر لەرێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەو خۆڵ خاشاکانە بەکاربهێنرێتەوە و سودی لێ وەربگیرێت.
لایخۆشیەوە، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری، باسی لەوەکرد ماوەیەکی زۆرە داوای دامەزراندنی پرۆژەی ریسایکلینیان کردوە.
وتیشی: پێویستمان بە وەبەرهێنەرێکە کە بێت کارگەیەکی ریسایکلین دامەزرێنێت.
هاوکات بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، دەڵێت: بۆ شوێنی ریسایکلین زەویمان تەرخانکردوە کە زەوی ژمارە ٧ـە لە کەرتی (٩٢)ـی دێبنە، بۆ ئەو مەبەستەش رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەوانیمان وەرگرتوە و لە ئێستادا مامەڵەکەی لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی گەرمیانە بەمەبەستی ئەوەی سورەت قەیدی تایبەتی بۆ بکرێت بەناوی شارەوانییەوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەوە کە کۆمپانیایەکی وەبەرهێن بتوانێت ئەو پرۆژەی ریساکلینە دروست بکات کە تێچوەکەی زۆرە و بڕی زیاتر لە ١٠ ملیاری تێدەچێت.
لە بارەی ئەوەی پرۆژەکە کەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ بەرزان فایەق، باسی لەوەکرد: تائێستا سورەت قەیدی زەوییەکە تەواو نەکراوە، تەواوبکرێت تەحویل دەکرێت بەناوی شارەوانییەوە، ئەوکات دەمێنێتەوە ئەوەی کۆمپانیایەک کارەکە بگرێتە ئەستۆ.
لە یەکێک لە خاڵەکانی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوە: ژینگەی هەرێمی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کاردەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتوی ریسایکڵ و چارەسەری زبڵ و خاشاک و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی.

د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی ئەو بەندەی لە بەرنامەی کاری کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوە کە دامەزراندی کارگەی ریسایکلینە، بەڵام تائێستا ئەو بەندە نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بابەتەکەش بەشێوازێکی لاوەکی وەرگیراوە.
دەشڵێت: ئێمە چەندینجار داوامان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان کردوە کە پێویستە ئەم بابەتە بە هەند وەربگیرێت و ئیعلانی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بێنە پێشەوە و پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک وەربگیرێت و بەم شێوازەی ئێستا مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو مامەڵەیەکی زانستی بێت.
پرۆسەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک، پرۆسەیەکە بەسەر یەکەوە، واتا ئەو خۆڵ و خاشاکەی هەیە هەموی بەسەر یەکەوە کۆدەکرێتەوە بە مادەی ئەندامی و نائەندامییەوە.
ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لەمبارەوە دەڵێت: تائێستا لە کوردستان و عێراقدا شتێکی وانییە کە ماڵان پێکهاتەکانی پاشماوەکانیان جیابکەنەوە و بەجیا دابنرێت، ئەم هەنگاوە پێویستی بە پاڵپشتییەکە کە دەکەوێتە سەر ئەو کاتەی کە کۆمپانیایەکی ریسایکڵ دادەنرێت کە ئۆفەری خەڵاتی هەبێت بۆ ئەو ماڵانەی کە خۆڵ و خاشاکەکانیان جیادەکەنەوە.
دەشڵێت: لەئێستادا ئەگەر بەجیاش دابنرێت هیچ سودێکی لێ نابینرێت، چونکە هەموویان هەر بە یەک جۆر چارەسەر دەکرێن کە ئەویش ژێرخاککردنیانە.
هاوکات عەبدولمتەڵیب رەفعەت، پسپۆڕی ژینگە و ئاو و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەکان ئەوەیە جیابکرێتەوە، کارگە و کۆمپانیای جۆراوجۆر دابمەزرێنرێن بە مەبەستی ریسایکڵینی ماددەکان، بۆ نمونە مادده ئۆرگانییەکان وەکو پاشماوەی خۆراک و زبڵی نێو باخچەکان دەبێ کارگەیەکی تایبەت بە دروستکردنی پەینی ئەندامی، کە ئەتوانرێت پاشماوەی شتومەکەکان تێیدا وەکو ماددەی خام بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی پەین.
دەشڵێت: بەم شێوەیە ئەتوانین ژینگەی ناوچەکە (ئاو و خاک و هەوا) بپارێزین لە پیسبون بە هۆی ئەو مادانەوە، تەنانەت بەم رێگایە ئەتوانین خواست لە سەر پەین (سماد) و هاوردەکردنی لە دەرەوەی وڵاتەوە کەم بکەینەوە، هەروەها مادە رەقەکانیش بەپێی جۆرەکانی وەکو پلاستیک دەبێ کارگەیەکی تایبەت ئیش لە سەر ریسایکڵێنی ئەو جۆرە مادانە بکات بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی وبەهەمان شێوە بۆ مادەکانی تر.

## ٤. پاشماوە پزیشکییەکان و گرفتی چارەسەرنەکردنیان

پاشماوە پزیشکییەکان سەرەڕای ئەو مەترسییە زۆرەی هەیانە لەسەر ژینگە، بەبێ چارەسەر وەک هەر پاشماوەیەکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە ئەویش ژێرخاک خستنیانە.

لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار، ئامێرێک دانراوە بۆ چارەسەری پاشماوە پزیشکییەکان.

بە وتەی: هەڵگورد حەمید، لێپرسراوی مەڵبەندەکە، پاشماوە پزیشکییەکان کە دێت بۆ لای ئەوان، لە رێگەی ئامێری (ئۆتۆکلیڤ کراشەر)ەوە بەشێوەی هاڕین و وردکردن و تەعقیمکردن چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەم چارەسەرکردنە سەرجەم پاشماوە پزیشکییەکان ناگرێتەوە، تەنها ئەو مەوادانەی کە تیژن و شوشە و ئاسنن چارەسەر دەکرێن.

دەشڵێت: ئەم شێوازە لە چارەسەرکردن تازەترین شێوازی چارەسەری پاشماوە پزیشکییەکانە لە جیهاندا.

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەم ئامێرە تەنها بۆ مەڵبەندەکەیە یاخود پاشماوەی هەمو نەخۆشخانەکانیش چارەسەر دەکات؟ هەڵگورد حەمید وتی: تەنیا یەک ئامێرمان هەیە و بەشی هەمو مەڵبەند و نەخۆشخانە حکومی و ئەهلی و کلینکەکان ناکات، بەڵام هەندێکجار هاوکاری نەخۆشخانە حکومییەکان دەکەین لە چارەسەرکردنی پاشماوە پزیشکییەکانیان و تەعقیم کردنیان.

هاوکات د. حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: ماوەیەک لەمەوپێش پاشماوە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکەمان کۆدەکرایەوە و دەبرایە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە (ریعایەکە) لەوێ لە بەشی لەناوبردنی پاشماوە پزیشکییەکان چارەسەری بۆدەکرا.

دەشڵێت: بەڵام لەئێستادا پاشماوە پزیشکییەکان پاش کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی، لەڕێگەی شارەوانییەوە فڕێدەدرێت.

هەروەها د. چیا محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لایفی تایبەت لە کەلار، دەڵێت: پاشماوە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکەمان هیچ چارەسەرێکی بۆ ناکرێت، تەنها بەڕێگەی جیاوازتر لە پاشماوەی ماڵان لەلایەن شارەوانییەوە کۆدەکرێتەوە و فڕێدەدرێت.

هاوکات سالار داود، لێپرسراوی بەشی سەرچاوە مرۆییەکان لە شاری پزیشکی گەرمیانی ئەهلی، دەڵێت: سەرجەم پاشماوە پزیشکییەکانمان پێچانەوەی بۆدەکەین لەڕێگەی زەرفی تایبەتەوە و بەبێ چارەسەر لەلایەن تیمی شارەوانییەوە فڕێدەدرێت.

بە رای شارەزایەکی ژینگە، بۆ چارەسەری ئەو پاشماوانە دەبێت ئامێری سوتێنەر «محرقە« هەبێت.

عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، وتی: لە ئێستادا بونی «محرەقە» بۆ لەناوبردنی پاشماوە پزیشکییەکان زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ناوچەکە، دەتوانێت زۆرێک لەو کێشانەی کە هەیە چارەسەر بکات.

ئەم رایەش د. حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار جەختی لێکردەوە و وتی: بەپێویستی دەزانم سوتێنەرێکی «محرەقەیەکی» گونجاو هەبێت بۆ هەمو گەرمیان نەک تەنها بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان، بەڵکو بۆ نەخۆشخانە ئەهلی و کلینک و نۆرینگەکانیش، کە سەرجەم پاشماوە پزیشکییەکان لەوێدا لەناو ببرێت، بەشێوەیەک کە بدرێت بە کۆمپانیایەک و بە وەرگرتنی پارەیەکی رەمزیی لە نەخۆشخانە ئەهلی و کلینک و نۆرینگەکان، لەبەرامبەر چارەسەری پاشماوە پزیشکییەکان بکات.

هاوکات هەڵگورد حەمید، لێپرسراوی مەڵبەندی تەندروستی شێروانە، وتی: ئەگەر دەوام و موچە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، ئەو ئامێرەی هەمانە ئەگەر ستافی باشی بۆ دابین بکرێت، ئەتوانین بە زیادکردنی کاتی کارکردنی کارمەندان و کارکردن بەشێوەی شەفت، ٢٤ سەعات بە بەردەوامی کاربکات، رۆژانەش ٢٠٠ کیلۆ و مانگانە ئەگەر کارمەندی تەواومان هەبێت ٣ بۆ ٤ تۆن پاشماوەی پزیشکیی چارەسەربکەین.

هێماش بۆ ئەوە دەکات: بەمشێوەیە دەتوانین پاشماوەی سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلی و کلینکەکان چارەسەر بکەین، بەشێوەیەک کە پارەیەکی رەمزی وەربگرین لەبەرامبەر هەر کیلۆیەک دا.

لە بەرامبەردا، د. چیا محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لایفی تایبەت لە کەلار، دەڵێت: ئێمە بە هەمو شێوەیەک رەزامەندین بەوەی کە چارەسەری پاشماوەی نەخۆشخانەکەمان بۆ بکرێت لەرێگەی مەڵبەندی تەندروستی شێروانەوە و ئەو ئامێرەی کە هەیانە و ئامادەین لەبەرامبەردا بڕە پارەیەک بدەین.

هێماش بۆ ئەوە دەکات: ئێمە لەلایەکەوە کە خزمەتی تەندروستی دەگەیەنین ناکرێت دواتر پاشماوە تەندروستییەکانمان ببێتە گرفتی تەندروستی و کێشەی ژینگەیی، بۆیە جێگای خۆیەتی لەلایەن ئەو بەشانەی سەربە حکومەتن کاری لەسەر بکرێت بەشێک لەو بارگرانییەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان هەڵگرن، ئەو ئامێرەی بۆ چارەسەری پاشماوە پزیشکییەکان بەکاردەهێنرێت بە ئەندازەیەک بێت کەتوانای ئەوەی هەبێت سەرجەم پاشماوە پزیشکییەکانی کەلار لە رێگەی ئەو ئامێرەوە چارەسەری بۆ بکرێت و لەناو ببرێت.

هاوکات سالار داود، لێپرسراوی بەشی سەرچاوە مرۆییەکانی شاری پزیشکی گەرمیان دەڵێت: ئەگەر داوای ئەوەمان لێبکرێت پاشماوە پزیشکییەکانمان لەڕێگەی ئامێری تایبەت چارەسەر بکرێت، ئێمە پێمان باشە.

هاوکات ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: هەقوایە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان محرەقەی تایبەت یان رێگایەکیان بۆ لەناوبردنی پاشماوە و کەرەستە پزیشکییەکان هەبێت، هیوادارم تەندروستی گەرمیان بیر لەوەبکاتەوە یەکەی تایبەت بە چارەسەری پاشماوە پزیشکییەکان دابنرێت.

دەشڵێت: ئەگەر پێویستیان بەشوێن بێت ئێمە شوێنیان بۆ دابین دەکەین و رێکارەکانی وەرگرتنی شوێنیان بۆ دەکەین.

## ٥. کێشەی پاشماوەی بیناسازی

سەرۆکی شارەوانی کەلار باس لەوە دەکات فڕێدانی پاشماوەکانی بیناسازی، یەکێکە لەو گرفتانەی کە کۆنترۆڵ ناکرێت.
ئەکرەم ساڵح، دەڵێت: پاشماوەکانی بیناسازی یەکێکە لەو پاشماوانەی بەداخەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، کەسانێک لە درەنگانی شەودا فرسەت دێنن لەکاتێکدا لیژنەی ئەمنی یان پۆلیس نایبینێ دەڕۆن پاشماوەی بیناسازیی لە چەمەکان فڕێدەدات.
سەرباری ئەوەی کە پێیوایە ئەم حاڵەتە «کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە»، باس لەوەشدەکات ڕێکاری توندیان هەیە لەوبارەیەوە: «هەر کەسێک پاشماوەی بیناسازی فڕێ بدات و لە لایەن تیمەکانمانەوە پێ بزانرێت، چوار هێندەی ئەو پاشماوەی کە فڕییداوە، پاشماوەی پێ فڕێدەدرێتەوە، جگە لە سزای مادی کە لە ١٥ هەزارەوە تا ٦٠٠ هەزارە.

## ٦. کێشەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی گوندەکان

ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک بۆ گوندەکان بەپێی نزیکی گوندەکان لە شاری کەلار و سەرجادە و زۆریی ژمارەی دانیشتوانەوە دیاریکراوە.
سەردار محەمەد، ئەنجومەنی گوندی میل قاسم لە گەرمیان، دەڵێت: ماوەی ساڵێکە ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک نەهاتوە بۆ گوندەکەمان، پێشتر هەفتەی دوجار دەهاتن، بەڵام لەئێستادا بەهۆی نەهاتنیانەوە دانیشتوانی گوندەکەمان کە ٣٥ ماڵن، ناچارن پاشماوەکانیان لە دەوروبەری گوند و قەراخی جادەکان فڕێبدەن، ئەمەش سیمایەکی ناشرینی دروستکردوە، بەڵام ڕێگە چارەی دیکەمان نییە.
هاوکات بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوەبرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، دەڵێت: ئەو گوندانە ئۆتۆمبیلی خۆڵ و خاشاکیان بۆ ناڕوات، تا قەیرانی دارایی هەبێت ناتوانرێت هیچیان بۆ بکرێت، هەندێک گوند چاڵمان بۆ کردون بۆ ژێرخاککردنی خۆڵ و خاشاکیان، هەفتەی جارێک بۆ دوجار دەڕۆین سەردانیان دەکەین.
ساڵح حسێن، ئەنجومەنی گوندی قولە بەرز لە گەرمیان، کە ژمارەی دانیشتوانی گوندەکەیان ٤٣ ماڵە، باس لەوە دەکات: هەفتەی جارێک یان دوجار ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ دەهات بۆ گوندەکەمان، نزیکەی مانگ و نیوێک بۆ دو مانگە ناو بەناو دێن.
ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: ناتوانین بۆ هەمو گوندەکان ئۆتۆمبیلی کۆکردنەوەی خۆڵ بنێرین، گوندمان هەیە ٥٠ کم لە سەنتەری شارەوە دورە، ئەگەر ئۆتۆمبیلشیان بۆ بڕوات ڕەنگە خۆڵ و خاشاکیان نەگاتە ١٠٠ کیلۆ، پاشماوەی گوندەکان کەمترن لە شار.
دەشڵێت: تاڕادەیەک توانیومانە ئەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە و دەکەونە نزیک و دەوروبەری کەلارەوە بەپێی پێویست لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک بۆ دو ڕۆژ ئۆتۆمبیلیان بۆ بنێرین.

## ٧. کاریگەریی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک لە سەر ژینگە

فڕێدانی خۆڵ و خاشاک بەشێوەیەکی نازانستی، لەلایەن شارەزایانی ژینگەوە بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی تەندروستی ناوچەکە دەزانرێت.
عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، دەڵێت: فڕێدانی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک لە سەر خاک یان ژێرخاککردنیان، ڕێگایەکی نازانستییە، چونکە پێکهاتەکانی پاشماوەکان لە مادەی ئۆرگانی پێکهاتوە، ئەم مادانە بە بەردەوامی شییدەبنەوە و ئەبنە هۆی دەرپەڕاندنی گازی میسان و دوەم ئۆکسیدی کاربۆن و تەنانەت کبریتی دی نایترۆجین کە هەمویان گازی زیانبەخشن و دەبنە هۆی تێکدانی کوالێتی هەوا.
دەشڵێت: مانەوەی پاشماوەکان لە خاکدا دەبێتە هۆکاری تێکدانی خاکی ئەو ناوچەیە، ئەمەش کاریگەری زۆرخراپی دەبێت لە سەر ئاوی ژێرزەوی، فڕێدانی پاشماوەکان لە سەر خاک هۆکاری سەرەکییە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی و بەکتریا و ڤایرۆسی جۆراوجۆر لەڕێی مێرولەکانەوە، ئەمەش مەترسییەکی زۆر گەورە لە سەر ئاسایشی تەندروستی لەو ناوچانەی ئەم کارە نا تەندروستانەی لێ ئەنجامدەدرێت، دروست دەکات.
هاوکات د. دورەید سەلیم، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، دەڵێت: ئەرکی ئێمە تایبەت نییە بە هەڵگرتنی خۆڵ خاشاک، هەوڵەکانی ئێمە لە لایەنی هۆشیاری و چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ پاشماوەکان، ئەوەی لەئێستادا هەیە مامەڵەیەکی ناتەندروستە، پێیان ڕادەگەیەنن کە ئەم شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاک زیانی ژینگەیی هەیە کە دەبێتە هۆی پیسبونی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پیسبونی ئاوی ژێرزەوی و هەوا، هەمو جۆرەکانی پیسبون لە ڕێگای مامەڵەکردنێکی ناتەندروست لە گەڵ پاشماوەکان دروست دەبێت.

## ٨. کێشەی دارایی

ماوەی دوساڵە حکومەتی هەرێم بە هۆکاری قەیرانی دارایی دارایی شایستە داراییەکانی کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ خاشاکی بڕیوە.
بەرزان فایەق، سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆکردنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، دەڵێت: کێشەی کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک تەنها قەیرانی داراییە، قەیرانی دارایی نەبێت ئەتوانن بەشێوەیەکی باشتر کارەکانیان بکەن، تا قەیرانی دارایی هەبێت کێشەی کۆمپانیا وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
دەشڵێت: کۆمپانیا عەقدەکەی بۆ ماوەی ٣ ساڵە، مانگانە ٤٥٠ بۆ ٥٠٠ ملیۆن دینار سولفەی بۆ دەکەین، لەو بڕە نزیکەی ٢٥٠ بۆ ٢٨٠ ملیۆن وەردەگرێت، ئەمەش مانگێک و دوان نییە، ٣٢ مانگە کار لەگەڵ ئێمە دەکات لەو ماوەیەدا حساب بکەیت ٤٠٪ی سولفەکەی ماوەتەوە کە ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە.
بە رای سەرۆکی شارەوانی کفری، گەورەترین کێشەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە قەزاکەیان، خەرجنەکردنی سلفەی کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکە کە بەوتەی خۆی ماوەی ساڵ و نیوێکە پارەی نەختینەی پێنەدراوە.
عەلی خورشید، وتیشی: ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەندێکجار ئالیەتەکان بەپێی پێویست کارناکەن بەهۆی ئەوەی کە پێویستە بەردەوام سوتەمەنیان بۆ بکڕدرێت و چاکسازیان تێدابکرێت، یان هەندێکجار کارمەندی ژینگەپارێز وەکو پێویست ئامادەنییە کاربکات بەهۆی نەبونی پارە و دواکەوتنی موچەکانیان.
هاوکات ئەرکان بورهان، سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی خۆڵ خاشاک لە شارەوانی کەلار، دەڵێت: لە ٢٠٢٢/٤/١ـەوە حکومەت لە بانک پارەی کۆمپانیای خۆڵ و خاشاک سەرف ناکات، لەئێستادا لە لایەن ئیدارەی گشتیی یەکێتی نیشتمانییەوە پارەیان بۆ سەرف دەکرێت.
هاوکات دلێر هیدایەت، سەرپەرشتیاری کۆمپانیای گەردین کە کاری کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک دەکەن لە گەرمیان، دەڵێت: سەرەڕای قەیرانی دارایی و نەبونی موچە و پێنەدانی شایستە داراییەکانمان، ئێمە توانیومانە بەزیادەوە کاری خۆمان بکەین.
دەشڵێت: لەلایەن حزبەوە موچەی ئێمە دابین دەکرێت، دەستمان لە حکومەت شۆردوە.
هێماش بۆ ئەوە دەکات: ئەو بڕە پارەیەی بۆمان خەرج دەکرێت لە ئاست ئەو کارەدا نیە کە ئێمە بتوانین پاشماوەی سەرجەم شار و ناحیە و گوندەکان کۆبکەینەوە، بەڵام ناچارین بۆ ئەوەی خۆڵ و خاشاک کۆنەبێتەوە و ئیشەکەمان نەوەستێت، بەردەوامین لەکارکردن.
ئەم دۆخە کاریکردوەتە سەر ئەو کەسانەی کەوەکو کرێکار لە کۆمپانیای کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک کاردەکەن.
کارمەندێک کە داوایکرد ناوی ئاشکرا نەکرێت، وتی: لە کاتی خۆیدا موچەمان پێنادرێت و بەردەوام موچەکەمان دوادەکەوێت، تائێستا موچەی مانگی (ئاداری ٢٠٢٤)مان وەرنەگرتوە هەندێکجار دومانگ دەخایەنێت تا پێمان دەدرێت.
بەڵام لەبەرامبەردا سەرپەرشتیاری کۆمپانیای گەردین، دەڵێت: هەقی کارمەندانی ژینگەپارێزمان لەکاتی خۆیدا داوە وەکو کۆمپانیا، ئەو بەرپرسیاریەتیەمان لەئەستۆ گرتوە.



## ٩. گرفتی خۆڵ و خاشاکی ماڵان و گازندەی کارمەندانی ژینگەپارێز

ژینگە پارێزان گازندەی ئەوە لە ماڵان دەکەن خۆڵ و خاشاکەکانیان لە کیسی خۆڵ و سەتڵ ناکەن، ئەمەش بە کێشە لەبەردەم باشتر ئەنجامدانی کارەکانیان دەزانن.
هـاوکار، نـاوی خـوازراوی کارمەندێکـی ژینگەپارێـزە، دەڵێت: هاوڵاتیان پاشـماوەکانیان ناخەنە سـەتڵی خۆڵەوە، واباشترە بۆ ئێمە رەچاوی ئەوە بکەن کە پاشـماوەکانیان لە کیس و سـەتڵی خۆڵ بکەن.
ئـارام، نـاوی خـوازراوی کارمەندێکـی دیکـەی ژینەگەپارێـزە، دەڵێت: ئەو ماڵانەی پاشـماوەکانیان ناکەنە سـەتڵی خۆڵەوە لە کاتـی کۆکردنـەوەی دا دەرژێت بەدەسـتمانەوە و ئەبێت خۆمان کۆیکەینەوە.
لەبەرامبەریشـدا روناک، ژنێکی دانیشتوی یەکێک لە گەڕەکەکانی کەلارە، دەڵێت: دانەنانی سـەتڵی خۆڵ لەلایەن بەشێکی ماڵانەوە دەگەڕێتـەوە بۆ ئەوەی کارمەندانی ژینگەپارێز سـەتڵی خۆڵەکان دەشکێنن، یان دەیبەن دورتر لە ماڵەکان بەجێی دەهێڵن.
هاوکات دلێر هیدایەت، سەرپەرشتیاری کۆمپانیای گەردین، دەڵێت: گلەیـی ئەوەمان لـە هاوڵاتیان هەیە لە کاتی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشـاک هاوکاری تیمەکانمان نین، ئەگەر خۆڵ و خاشـاکەکانیان لەکیسـی خۆڵ بکرێت باشـتر و کارئاسـانی ترە بۆ تیمەکانمان، چونکە کارمەندەکانمانیش مرۆڤن و خزمەتی ئەم شـار و ژینگەیە دەکەن.

## ١٠. گلەیی ژینگەپارێزان و بڕینی موچەکانیان

کارمەندانـی ژینگەپارێـز بـاس لـەوە دەکەن سـاڵانی خزمەتیان رەچاوناکرێـت و لەسـەر بنەمای ناپیشـەیی کارەکانیـان دابەش دەکرێت.
هاوکار، ناوی خوازراوی کارمەندێکی ژینگەپارێزە، دەڵێت: لەسەر بنەمای خزمایەتی و ناسیاوی کارمەند دادەنرێت بۆ ئەو جێگایانەی کارمەندیان پێویسـتە وەکو شـوفێر، لە کاتێکدا ئێمە کەساڵانێکە خزمـەت دەکەیـن و پێمانخۆشـە ئێمـە بخرێینە ئـەو جێگایانە، پێویستە ساڵانی خزمەت و CV لەو کاتانەدا رەچاو بکرێت.
لە بەرامبەردا دلێر هیدایەت، سەرپەرشـتیاری کۆمپانیای گەردین، دەڵێت: ئێمە کێ باشتر و دڵسۆزتر بێت چاوی لە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیـا بێت و عەزیەتی ئۆتۆمبیلەکان نەدا و نەبێتە هۆی عاتڵ بونی، ئەوە ئەفزەڵیەتی هەیە.
لەلایەکـی دیکـەوە ژینگەپارێـزان باس لـەوە دەکەن سـەرەرای کەمـی بڕی موچەکەیان، هـەر جارەو بەهۆکارێک بڕە پارەیەک لە موچەکەیان دەبڕدرێت.
هـاوکار، نـاوی خـوازراوی کارمەندێکـی ژینگەپارێـزە، دەڵێت: لـە جەژنی سـاڵی رابـردودا بەهۆی ئەوەی لەلایـەن ماڵانەوە بڕە پارەیەکمان وەکو جەژنانە پێدرا، کۆمپانیا هەسـتا بە بڕینی ١٠٠ هەزار دینار لە موچەکانمان.
لـە بەرامبەردا دلێرهیدایەت، سەرپەرشـتیاری کۆمپانیای گەردین ئـەوە رەتدەکاتـەوە شـتی واکرابێـت بەرامبەر بـە ژینگەپارێزان و دەڵێـت: ئەمە هیچ ئەسـڵ و ئەساسـێکی نییـە، تەنانەت ٢٥٠ دینـار لەهیچ کەسـێک نەبڕدراوە لە بەرامبەر ئـەوەی جەژنانەیان وەرگرتوە.
هـاوکات ئـارام، کـە نـاوی خـوازراوی کارمەندێکـی دیکـەی ژینگەپارێـزە، دەڵێت: ئێمە ئـەو کارمەندانەی لەنێو گەڕەکەکاندا خۆڵ و خاشـاک کۆدەکەینەوە، بـڕی موچەکەمان ٣٣٠ هەزار بو، بەڵام بەو پاساوەی ئێمە ئاسن و قوتو لەکاتی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشـاکدا کۆدەکەینەوە و بۆخۆمان دەیفرۆشین، بڕی ٣٠ هەزار لە موچەکەمان بڕدراوە.
لەبەرامبەردا، دلێر هیدایەت، سەرپەرشـتیاری کۆمپانیای گەردین، دەڵێـت: موچـەی کارمەندەکانمـان ٣٠٠ هـەزارە، ئێمـە ئەو ٣٠ هەزارەمـان وەکو هاوکاری پێـدەدان کە ئەوان زیاتر لەکارمەندانی دیکـە ماندو دەبن لە گەڕەکەکاندا، بەڵام بەهۆی خراپبونی دۆخی دارایی کۆمپانیاوە ناچار ئەو بڕە پارەیەمان بڕی.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لە ١٣ شارەوانی سنوری گەرمیاندا خۆڵ و خاشاک و پاشماوەکان لەلایەن کۆمپانیای «گەردین»ەوە کە تێچوەکەی لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، کۆدەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی کێشەی نەبونی پارەی نەختینە لە بانکدا، بەشی پێویست پارە بۆ کۆمپانیاکە خەرج ناکرێت و ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی پارەی بۆ دابین دەکات.

٢. لەگەرمیاندا ڕۆژانە لەنێوان ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ تەن خۆڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە.

٣. لە ڕێگەی ٦٣٠ کرێکارەوە، خۆڵ و خاشاک لە بەردەم ماڵان بە ئۆتۆمبیلی تایبەت وەردەگیرێت و دواتر ئۆتۆمبیلەکان بارەکانیان دەبەنە دەرەوەی شار لە شوێنێک کە بۆیان دیاریکراوە، لەوێ چاڵ هەڵدەکەنن و ژێر خاکی دەخەن.

٤. شێوازی چارەسەرکردنی پاشماوە و خۆڵ و خاشاکەکان، بە قسەی بەرپرسانی حکومەت و پسپۆڕانیش، زۆر کۆن و نازانستی و خراپ و دژ بە ژینگەیە، مەترسی و لێکەوتەی تەندروستی و ژینگەیی زۆری هەیە، جگە لەوەش ئەو شوێنانەی تیایاندا پاشماوەکان ژێر خۆڵ دەکرێن، نزیکن لە ئاوەدانیی و شوێنی نیشتەجێبونەوە.

٥. پاشماوە تەندروستییەکان کە مەترسیدارترن، بەهەمانشێوەی پاشماوەکانی دیکە لەناو دەبرێن، ئەگەرچی ئامێرێکی لەناوبردنی بەشێک لە پاشماوە پزیشکییەکان هەیە، بەڵام کارکردنی سنورداره و تەنانەت هەمو دەزگا حکومییە تەندروستییەکانیش کەڤەر ناکات.

٦. بەوهۆیەی پاشماوەکان زۆرن و هەموشیان دەکرێنە ژێر خۆڵەوە، بۆیە لە شوێنێکی وەکو کەلار مەترسیی هەیە لە ئایندەی نزیکدا چیتر شوێن نەمێنێت بۆ ژێرخۆڵکردنی ئەو پاشماوانە.

٧. شارەوانییەکان دەڵێن داوای بونیادنانی پرۆژەی ریسایکلینیان کردوە، بەڵام ئەنجام نەدراوە، چاوەڕێ دەکەن لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێت، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی فیعلی لەوبارەیەوە لە ئارادا نییە.

٨. ژینگەپارێزان گلەیی و رەخنەیان هەیە لەوەی بەشی پێویست مافیان پێنادرێت و موچەکانیان کەمە، هەروەک لەلایەن هاوڵاتیانیشەوە زۆرجار کێشە و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت.

## دوەم: راسپاردەکان

١. پرۆسەی کۆکردنەوە و چارەسەری خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان، زۆر دواکەوتو و دژە بە بنەما ژینگەیی و تەندروستییەکان، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە لە ئایندەی نزیکدا مەترسیی زۆری لێبکەوێتەوە، چارەسەریش بۆ ئەمە چی دیکە نییە جگە لە گرتنەبەری رێکارە زانستییەکان کە ئێستا لە جیهاندا پەیڕەو دەکرێت.
دەبێت خەمێکی گرنگ و سەرەکیی حکومەت لەم ناوچەیەدا ئەم بوارە بێت، چونکە مەترسیەکە بۆ ئێستا و ئایندە زۆر زۆرە، وادەکات زەوی و سەرچاوەی ئاوی ناوچەکە مەترسی پیسبونی لێبکرێت و هەروەها نەخۆشی و پەتاش بڵاوبکاتەوە.

٢. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە داراییەی کە ئێستا حکومەت هەیەتی، رەنگە قورس و نەکردەنی بێت کە حکومەت خۆی بتوانێت پرۆژەی ریسایکلین بونیاد بنێت، بەڵام دەتوانێت لە رێگەی وەبەرهێنان و ئاسانکاریی کردن بۆ وەبەرهێنەران، ئەم پرۆژانە بونیاد بنێت.

٣. لانیکەم لەم قۆناغەدا پێویستە ئەو بابەتانەی زیاتر مەترسیدارن زیاتر بەهەند وەربگیرێن، لەم سۆنگەیەشەوە گرنگە رێکاری خێرا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوە پزیشکییەکاندا بگیرێتەبەر، چونکە مەترسییەکانی ئەم پاشماوانە زۆرترن.
بۆ ئەمەش گرنگە ئاسانکاریی بکرێت بۆ دروستکردنی سوتێنەری پزیشکیی، چ ئەوەی حکومەت خۆی سوتێنەر دابنێت، یاخود ئەوەی کەرتی تایبەت دایبنێت و کەرتی گشتی و تایبەتی تەندروستی ناچاربکرێت بە چارەسەرکردنی پاشماوەکانیان لای ئەو سوێنەرانە. خودی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانیش خاوەنی ئامێرێکی چارەسەرکردنی پاشماوە پزیشکییەکانە، بەوتەی خودی بەرپرسانی، دەتوانرێت بەگرتنەبەری هەندێک رێکار، وابکرێت هەمو پاشماوە پزیشکییەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات.

٤. زۆرینەی ئەو شوێنانەی بۆ ژێرخاککردنی پاشماوە و خۆڵ و خاشاکەکان دیاریکراون، نزیکن لە شوێنەکانی نیشتەجێبونەوە، بۆیە دەبێت شارەوانییەکان ئەم خاڵە بەهەند وەربگرن و شوێنی ژێرخاککردنەکان دوربخەنەوە و دڵنیاببنەوە لەوەی مەترسی راستەوخۆی بۆ دەروبەرەکەی نییە.

٥. دۆخی کرێکارانی ژینگەپارێز قورسە، هەم لە روی دابینکردنی مافەکانیان و هەمیش ئیشوکاریان، پێویستە حکومەت لە گرێبەستەکانیدا جەخت لەوە بکاتەوە مافی دارایی و ژیانیی ئەم کرێکارانە پارێزراو بێت، هاوکات کاربکرێت بۆ گرتنەبەری رێکاری تەندروستیی گونجاو بۆ دوربونیان لە مەترسیی نەخۆشیی و پەتا پزیشکییەکان.
هاوکات هانی سەندیکاکانی کرێکاران دەدەین کە بەدواداچونی زیاتر بۆ دۆخی ئەم کرێکارانە بکەن.

٦. گرنگە حکومەت ئەو کێشە داراییانەی لە پرۆسەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکدا هەیە، چارەسەر بکات، وابکات کە کارەکانی ئەم بوارە نەوەستێت، چونکە لێکەوتەکانی زۆر و مەترسیدار دەبن لەسەر ژینگە و هاوڵاتیان و شارەوانیەکانیش.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net